# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٢٥) ساڵی هەژدەهەم ٣١/ ئایار/ ٢٠١٨ زایینی ١٠ / جۆزەردان/ ٢٧١٨کوردی ١٦/ رەمەزان/ ١٤٣٩ کۆچی

225


## لەم ژمارەیەدا :


مەرسوومی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لا ١

دیاریکردنی رۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لا ٢

ڕێنمایی تایبەت بە بەستن و خوێندنەوەی پێوەری ئاوی خواردنەوە لە هەرێمی کوردستان

ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لا ٥

ڕێنمایی تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای رێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٨)

ڕێنمایی دارایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارتی دارایی و ئابووری لا ٩

تایبەت بەمووچە و دەرماڵەی شایستە

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارتی دارایی و ئابووری لا ١٠

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارتی دارایی و ئابووری لا ١١

تایبەت بەوەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارتی دارایی و ئابووری لا ١٢

تایبەت رەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی

بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لا ١٤

درێژکردنەوەی بڕیاری ژمارە (٦١١)

بەیانی ژمارە( ٣- ٤ - ٥- ٦ - ٧- ٨ - ٩- ١٠ - ١١ - ١٣- ١٤- ١٥- ١٦ - ١٧)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی تەندروستی لا ١٥



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٢٥) السنة الثامنة عشرة ٣١/ أيار/ ٢٠١٨ ميلادي ١٠/ جوزەردان / ٢٧١٨كوردي ١٦/ رمضان / ١٤٣٩هجري

225


في هذا العدد:


تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٨ وزارة البلديات و السياحة ص ١٩

التعليمات الخاصة بنصب و قراءة مقياس ماء الشرب في اقليم كوردستان

تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٨ وزارة البلديات و السياحة ص ٢٢

الخاصة بتنفيذ قانون منع وازالة التجاوز على اراضي الدولة في إقليم كوردستان – العراق رقم (٣) لسنة ٢٠١٨


فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


مرسوم رقم (١) لسنة رئاسة مجلس الوزراء ص ١

تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠١٨ وزارة المالية والاقتصاد ص ٩

تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠١٨ وزارة المالية والاقتصاد ص ١٠

تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠١٨ وزارة المالية والاقتصاد ص ١١

تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠١٨ وزارة المالية والاقتصاد ص ١٢

بيان رقم (١) لسنة وزارة الزراعة و المواد المائية ص ١٤

بيان رقم (٣- ٤ – ٥ – ٦ – ٧ – ٨ – ٩- ١٠ – ١١ – ١٣ – ١٤ – ١٥ – ١٦ – ١٧) لسنة وزارة الصحة ص ١٥



No. 225 Date : May , 31 , 2018 Vol.: 18

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

چاپخانەی شەهاب هەولێر



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎: (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

**ســەرۆكایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**ژمارە:٢٠٤١ لە ٢٠١٨/٥/٨**

**مەرسوومی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٨**

**پشت بەست بە حوكمی بڕگەی ( یەكەم ) لە ماددەی ( یەكەم )ی یاسای دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی سەرۆكایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەكانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ و ، ئاماژە بەحوكمی بڕگەی ( دووەم ) لە ماددەی ( دەیەم )ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو ، بڕیارماندا بە:-**

**یەكەم: ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان لە ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٨/٩/٣٠.**

**دووەم: پێویستە كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسی و ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكانی تر ئەم مەرسوومە جێبەجێ بكەن**

**سێیەم: ئەم مەرسوومە لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان ) بڵاودەكرێتەوە**

**نێچیرڤان بارزانی**
**ســەرۆكی ئە نجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**ژمارە : ( ٣٥٣٥ ) لە ٢٠١٨/٥/٢٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بە گوێرەی بڕگەی سێیەم لە ماددەی حەوتەم لە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٠ ، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٨**

**ڕێنمایی تایبەت بە بەستن و خوێندنەوەی پێوەری ئاوی خواردنەوە لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی یەکەم :-** پێناسەکان

مەبەست لەو زاراوە و دەستەواژانەی ناو ئەم ڕێنمایی یە ، ئەو مانایانەیە کە لە بەرامبەریاندا دیاریکراوە :

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی ئاو : بەڕێوەبەرایەتی ئاوی پەیوەندیدار

**دووەم:** هاوبەش : هاوبەشی ئاو

**سێیەم:** پێوەر: پێوەری ئاو

**چوارەم :** خول : خولی خوێندنەوەی پێوەرکە دوو مانگە

**پێنجەم :** ئاکاری تەکنیکی پێوەر: ئاکاری تەکنیکی پێوەری ئاوی پەسندکراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ.

**شەشەم :** پسوولە: بەڵگەی وەرگرتنی کرێی ئاو لە هاوبەش کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

**ماددەی دووەم :-**

**یەکەم:** هەموو هاوبەشێك پابەند دەبێت بەبەستنی پێوەری ئاوی پەسەندکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاو.

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتی ئاو هەڵدەستێت بەقەرەبووکردنەوەی هاوبەش بە بڕی (٤٠,٠٠٠) چل هەزار دینار لە بەرامبەر کڕین و بەستنی پێوەر لەلایەن هاوبەش، بە داشکاندنی بڕی (٢,٠٠٠) دوو هەزار دینار لە پسوولەی کرێی ئاو کە دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەش لە هەر خولێکدا .

**سێیەم:** پێوەرەکە خاوەنداریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاو وە پاراستنشی دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەش.

**ماددەی سێیەم :-**

هاوبەش دەتوانێت داواکاری پشکنینی پێوەر پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی ئاو بکات لەسەر خەرجی خۆی بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم:** تێچووی پشکنینی پێوەر بەبڕی (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار بەپسوولە لە هاوبەش وەردەگیرێت.

**دووەم:** نرخی تێچووی کردنەوە و چاککردنەوەی پێوەر دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەش وە دەبێت دووبارە بەستنەوەی بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی ئاو ئەنجام بدرێت.

**ماددەی چوارەم :-**

**یەکەم:** ئەگەر هەڵە لە پێوانەی پێوەر هەبوو بەپێی ئاکاری تەکنیکی پێوەر ئەوا دەبێت پێوەرەکە چاکبکرێتەوە یان بگۆڕدرێتەوە تێچووەکەی دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەش.

**دووەم:** پێویستە بەڕێوەبەرایەتی ئاو هەڵسێت بەخەملاندنی کرێی ئاو لە حاڵەتی ئاماژپێکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لەسەر بنەمای خوێندنەوەی کرێی ئاو بەتێکرای دوو خولی پێشوو، وە پسوولە بۆ ئەو کرێی یە خەملاندراوانە رێك بخات .

**ماددەی پێنجەم :-**

چاککردنەوەی پێوەر تەنها لە شوێنی چاککردنەوەی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی ئاو یان ئەو شوێنەی کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەستنیشانی دەکات ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی شەشەم :-**

پێویستە هاوبەش پاکانەی قەرزەکانی پێش بەرواری خوێندنەوەی پێوەر بدات لەبەڕێوەبەرایەتی ئاو بەپێچەوانەوە قەرزەکە دەخرێتە سەر پسوولەی کرێی ئاو لەژێر ناوی قەرزی پێشوو.

**ماددەی حەوتەم :-**

کرێی ئاوی ماوەی نێوان مێژووی بەدەستهێنانی مۆلەتی دروستکردنی بینا یاخود نیشتەجێبوون لە شوێنەکە و مێژووی بەستنی پێوەرەکە لەسەر بنەمای نرخی دیاریکراو بەرێنمایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٣٨٩) لە ٢٠١٢/٨/١٥ دەبێت وئەم بڕە پارەیە دەخرێتەوە سەر پسوولەی کرێی ئاو وەك قەرزی پێشوو .

**ماددەی هەشتەم :-** وەرگرتنی کرێی ئاو بەپێی یەکەم خوێندنەوەی پێوەر دەکرێتە بنچینە.

**ماددەی نۆیەم :-**

هەر هاوبەشێك هەڵسێت بە دانانی هەر پێوەرێك جگە لە پێوەری پەسەندکراو یان هاوبەش ئامادە نەبوو لە کاتی دیاریکراو پێوەر ببەستێت ئەوا بەڕێوەبەرایەتی ئاو ئاگادارکردنەوەیەك ئاڕاستەی هاوبەشەکە دەکات بۆ ئەوەی لە ماوەی یەك خوول یەکێك لەپێوەرە پەسەندکراوەکان ببەستێت، بەپێچەوانەوە بەرێوەبەرایەتی ئاو بەم شێوەیەی خوارەوە لەسەر هاوبەشەکە کرێی ئاو تۆمار دەکات:

| ژمارە | جۆری بەکارهێنەر | لە یەک مانگ تاکو سێ مانگ دینار / مانگ | دوای سێ مانگ دینار / مانگ |
|---|---|---|---|
| یەکەم | شوێنەکانی نیشتەجێبوون و پرۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان | ١٠٠،٠٠٠ | ٢٠٠،٠٠٠ |
| دووەم | پەرستگاکان | ١٠٠،٠٠٠ | ٢٠٠،٠٠٠ |
| سێیەم | دام و دەزگا حکومیەکان | ١٥٠،٠٠٠ | ٣٠٠،٠٠٠ |
| چوارەم | کەرتی نیمچە حکومی وەبەرهێنان نەبێ | ١٧٥،٠٠٠ | ٣٥٠،٠٠٠ |
| پێنجەم | کەرتی بازرگانی و پیشەسازی وگەشتیاری وە وەبەرهێنان | ٢٠٠،٠٠٠ | ٤٠٠،٠٠٠ |
| شەشەم | شووشتنگە بە هەموو جۆرەکانی | ٢٥٠،٠٠٠ | ٤٥٠،٠٠٠ |

**ماددەی دەیەم :-**

**یەکەم: کرێی ئاو بەپێی بڕی ئاوی بەکارهاتوو لە زنجیرەی یەکەمی خشتەی خوارەوە بەو نرخی لە بەرامبەر هەر جۆرێك دیاریکردوە ئەژمار دەکرێت.**

**دووەم: ئەژمار و وەرگرتنی کرێی ئاو بە (م٣) مەتر سێجا دەبێت بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە :**

| زنجیره | جۆری بەکارهێنەر | بەکارهێنانی مانگانە ئەژمار دەکرێت به (م٣) مەتر سێجا | | کرێ بە دینار بۆ هەر (١م٣)یەک مەتر سێجا (ژمارە) | کرێ بە دینار بۆ هەر (١م٣)یەک مەتر سێجا (نووسین ) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | جۆر | بڕەکەی | | |
| یەکەم | شوێنەکانی نیشتەجێبوون وە پرۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان | أ. | لە ٠ تا ٥ | ٥٠ | پەنجا دینار |
| | | ب. | لە ٥،٠١ تا ١٥ | ١٥٠ | سەد و پەنجا دینار |
| | | ج. | لە ١٥،٠١ تا٣٠ | ٤٠٠ | چوار سەد دینار |
| | | د. | لە ٣٠،٠١ تا٦٠ | ٦٠٠ | شەش سەد دینار |
| | | ە. | ٦٠بەسەرەوە | ٢،٠٠٠ | دوو هەزار دینار |
| دووەم | پەرستگاکان | ١ | | ٥٠٠ | پێنج سەد دینار |
| سێ یەم | دام و دەزگا حکومیەکان | ١ | | ٥٠٠ | پێنج سەددینار |
| چوارەم | کەرتی نیمچە حکومی وەبەرهێنان نەبێ | ١ | | ٧٥٠ | حەوت سەد و پەنجادینار |
| پێنجەم | کەرتی بازرگانی و پیشەسازی وگەشتیاری وە وەبەرهێنان | ١ | | ١،٠٠٠ | یەک هەزار دینار |
| شەشەم | شووشتنگە بە هەموو جۆرەکانی | ١ | | ٢،٠٠٠ | دوو هەزار دینار |

**ماددەی یازدەم :-**

**کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).**

**نەورۆز مولود محمد امین**

**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**ژمارە : ( ٣٥٣٤ ) لە ٢٠١٨/٥/٢٧**

**پاڵپشت بە ماددەی (١٨) لە یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١٨) و بە مەبەستی ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە و دیاریکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکانی لێژنەکان و بەرپرسیارێتی ئەو دەزگایانەی هەڵدەستن بە دیاریکردنی زیادەڕۆیی و لابردنی زیادەڕۆیەکان ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :**

**ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٨**

**ڕێنمایی تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت ژمارە ( ٣ ) ی ساڵی ( ٢٠١٨ )**

**ماددەی یەکەم:- پێناسەکان :**

**مەبەست لەم دەستەواژە و ووشانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆمەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە :**

**یەکەم : لایەنەکانی پەیوەندیدار : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان ، وەزارەتی ناوخۆ ، وەزارەتی داد ، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ، وەزارەتی دارایی و ئابووری وە هەر وەزارەتێك یان دەستە یان فەرمانگەیەکی حکومی کە زیادەڕۆیی کرابێتە سەر موڵکەکەی .**

**دووەم : فەرمانگەی پەیوەندیدار : فەرمانگەی حکومی بەستراو بە یەك لە وەزارەتەکان یان لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت کە زیادە ڕۆیی کرابێتە سەر مولکەکەی ٠**

**سێیەم : یاسا : یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٨) .**

**چوارەم : چاودێر : کارمەندی کاتی و بەردەوامی شارەوانی کە چاودێری زیادەڕۆیی دەکەن ، هەروەها چاودێری فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی دیکە کە زیادەڕۆیی لەسەر موڵکەکانیان کراوە بۆ ئەم مەبەستە بە فەرمانێك لەلایەن فەرمانگەکانیانەوە دەست نیشان دەکرێن .**

**ماددەی دووەم :**

**یەکەم : ئەم ڕێکارانەی خوارەوە لەلایەن سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندیدار دەگیرێتە بەر بە مەبەستی چاودێری کردن و ڕێگری و لابردنی زیادەڕۆیی :**

**١- لە هەر یەکەیەکی کارگێڕی ، سەرۆکی یەکەی کارگێڕی پێویستە لیژنە پێکبهێنێت بۆ ناوچەکانی ناو سنووری نەخشەی بنەڕەتی شارەوانی و دەرەوەی سنووری نەخشەی بنەڕەتی ، ژمارەی لیژنەکان بەپێی پێویستی ناوچەکان دیاری دەکرێت .**

٢- هەر لیژنەیەك ئەندازیارێکی شارستانی یان ئەندازیاری کشتوکاڵی سەرۆکایەتی دەکات و لە کاتی پێویستدا دەتوانرێت فەرمانبەری شارەزا جگە لەو دوو پسپۆڕی یە دابنرێت بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکە .

٣- ئەندامانی لیژنە پێویستە ڕووپێو و یاسایی و چاودێر لەخۆ بگرێت بە شێوەیەك ژمارەی چاودێرەکان لە لیژنەکاندا بگونجێت لەگەڵ ڕووبەری ئەو ناوچەیەی کە چاودێری دەکەن .

٤- چاودێرەکان دەسەڵات پێدراون بەهۆشداری کردنەوەی زیادەڕۆکار پاش ڕوودانی زیادە ڕۆیی بەپێی مادده (٥) بڕگەی یەکەم و دووەم لە یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١٨) .

٥- سەرۆکی لیژنە ئاگاداری سەرۆکی شارەوانی یان سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندیدار دەکاتەوە کە خاوەنی ئەو زەوی و زارانەیە کە زیادەڕەوی کراوەتە سەر ، ئەوانیش ئاگاداری سەرۆکی یەکەی کارگێڕی دەکەنەوە لە هەمان ڕۆژدا بە نوسراوی فەرمی و وێنە دەدرێتە داواکاری گشتی .

٦- پێویستە لەسەر سەرۆکی یەکەی کارگێڕی لە ماوەی (٤٨) کاتژمێر لە بەرواری تەواو بوونی ماوەی هۆشداری ئاماژە پێکراو لە ماددەی (٥) لەیاسا فەرمانی لابردنی زیادەڕۆیەکە دەربکات بە هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانی و فەرمانگەی پەیوەندیدار و دابین کردنی پارێزراون بۆ لیژنەکان ئەگەر زیادەڕۆکار بەپێی بڕگەی یەکەم و دووەم ی ماددەی (٥) زیادەڕۆکەی لانەبرد .

**دووەم** : لە سنووری نەخشەی بنەڕەتی شار و شارۆچکەکان ، شارەوانی بەرپرسیارە لە چاودێری کردنی زەوی وزار و موڵکی دەوڵەت لە ڕێی چاودێرەکانی شارەوانییەوە کە ئەندامن لە لیژنەکاندا .

**سێیەم** : لە دەرەوەی سنووری شار و شاروچکەکان فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بەرپرسیارن لە چاودێری کردنی زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت لە ڕێی چاودێرەوە کە دەست نیشانیان دەکات بە شێوەیەکی فەرمی لە فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت یان چاودێری کاتی .

**ماددەی سێ یەم :**

هێزەکانی ناوخۆ فەرمانەکانی سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان جێ بەجێ دەکەن و لە کاتی پێویستدا گشت هێزە فەرمیەکان هاوکاریان دەبن بۆ لابردنی زێدەڕۆیی وە هەر کەسێك بەرهەڵستی بکات بە هەر شێوازێك بێت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی بەرپرسن لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان بۆ ڕێگری و لابردنی زێدەڕۆییەکان ڕێکاری یاساییان بەرامبەر ئەنجام دەدرێت بە پێی مادده (٢٢٩ و ٢٣٠) لە یاسای سزای عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩) ی هەموارکراو .

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم** : سەرۆکی شارەوانی پەیوەندیدار پێویستیەکانی چاودێری کردن و ڕێگری کردن و لابردنی زیادەڕۆیی دابین دەکات لە ئامێر و ئۆتۆمبێل و کەرەستەی پێویست ئەگەر زیادەڕەویەکە لە ناو سنووری شارەوانی دا بوو.

**دووەم :** ئەگەر زیادە ڕۆییەکە لە دەرەوەی سنووری شارەوانی بوو ، سەرۆکی یەکەی کارگێڕی پێویستە هەماهەنگی دروست بکات لە نێوان نزیکترین شارەوانی و فەرمانگەی پەیوەندیدار ، هەروەها بۆی هەیە فەرمان بکات بۆ بەکارهێنانی هەر ئامێرێکی پێویست کە سەر بە فەرمانگەکانی تری حکومەتە لە ناوچەکەدا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی و لە کانی پێویستدا سەرۆکی یەکەی کارگێری دەتوانێت ئامێری پێویست بەکرێ بگرێت بەدەر لە ڕێنماییەکان بۆ ماوەیەك لە (٤٨) کاتژمێر زیاتر نەبێت کە دەتوانرێ درێژ بکرێتەوە بۆ هەمان ماوە بۆ جێ بەجێکردنی ئەرکی لێژنەکان کە لەم یاسایەدا هاتووە لەسەر داهاتی شارەوانی .

**ماددەی پێنجەم :**

نابێت خزمەتگوزارییەکانی (ئاو ، ئاوەڕۆ ، کارەبا ، شەقام ، ئینتەرنێت) یان هەر خزمەتگوزاریەکی دیکە بگەیەندرێتە ئەو زەوی و زارانەی زیادەڕۆییەکەی لەسەر دەکرێت ، بە پێچەوانەوە حوکمەکانی مادده (١٣) لە یاسا لەسەر سەرپێچی کارجێ بەجێ دەکرێت .

**ماددەی شەشەم :**

**یەکەم :** هەر ئامێر و ئۆتۆمبێلێك بەکار بهێنرێت بۆ ئەنجامدانی زیادەرەوی یان کار ئاسانی بۆ ئەنجامدانی ، دەستیان بەسەردا دەگیرێت .

**دووەم** نرێکاری سزایی ئەنجام دەدرێ بەرامبەر زیادە ڕۆکار و شوفێر و خاوەن ئامێر و کەل و پەلەکانی بەکار هاتوو لە زیادە ڕۆیی کە وەکو بەشدار بوو لەزیادە ڕۆییەکە هەژمار دەکرێ .

**ماددەی حەوتەم :**

گشت نوسراوەکانی پەیوەندیدار بە زیادەڕۆیی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت پێویستە پۆلینی نوسراوی بەپەلەی بدرێتێ و وێنەی بدرێت بە داواکاری گشتی و سەرۆکی یەکەی کارگێڕی .

**ماددەی هەشتەم :**

پێویستە زیادەڕۆکار لەو زیادەڕۆییانەی کە پێش بەرکاربوونی یاسا کراون ، لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری کارپێکردن بەم یاسایە .

**یەکەم :** ئاگاداری شارەوانی پەیوەندیدار بکات لە شوێن و شێوە و ڕووبەر و پێکهاتەی زیادەڕۆییەکە ئەگەر لە سنووری شارەوانی بوو .

**دووەم :** ئاگاداری سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بکات لە شوێن و شێوە و ڕووبەر و پێکهاتەی زیادەڕۆییەکە ئەگەر لە دەرەوەی سنووری شارەوانی بوو .

**سێیەم :** پێویستە سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان تۆماری ئەو زانیاری و هەواڵانە بکەن لە تۆمارگەی فەرمی بەشی زیادەڕەوی و لیژنەی پێویست لەلایەنە پەیوەندیدارەکان پێك بهێنن بۆ جێگیرکردنی جۆر و شێوە و ڕووبەر و پێکهاتەی زیادەڕۆییەکە لە کۆنووسی تایبەتدا .

**چوارەم : حوکمەکانی یاسای سەرەوە بەسەر ئەو زیادەڕۆییانە جێ بەجێ دەکرێت کە ئاگاداری شارەوانی و یەکەی کارگێڕی لێنەکراوە بەپێی برگەکانی (١ و ٢) ی ئەم مادەیە و ئەو زیادەڕۆییانەش کە لە برگەی (دووەم) لە ماددەی (٤) ی یاساکەدا هاتووە .**

**ماددەی نۆیەم :**

**هەر زیادەڕۆییەك کرابێتە سەر شەقام و گۆرەپان و سەوزایی و باخچەکان و زەوی خزمەتگوزاری و شوستە و شەقامەکان ، پێویستە ئاگادار بکرێنەوە بۆ لابردنیان بەپێی ڕێکارەکانی ماددەی (٥) ی ئەم یاسایە .**

**ماددەی دەیەم :**

**لە ناوەندی هەر پارێزگایەك دادگایەك پێکدەهێنرێت و لە قەزاکانیش دادوەرێك دەست نیشان دەکرێت بۆ تێڕوانینی زیادەڕۆییەکان و ئەو دۆسیانەی پەیوەستن بە زیادەڕۆیی و دۆسیەی بەپەلە ئەژمار دەکرێت .**

**ماددەی یانزدەهەم :**

**کار بە هیچ ڕێنماییەك ناکرێت هاودژ بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە ٠**

**ماددەی دوانزەهەم :**

**ئەم ڕێنماییە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ٠**

**نەورۆز مولود محمد امین**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤٠٣٤ لە ٢٠١٨/٤/٢٥**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٨

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٨ و بە هۆی گۆڕانکاری لە جێ بەجێ کردنی سیستەمی پاشە کەوتی مووچە و کەم کردنەوەی ، و لە حاڵەتێکدا ئەگەر فەرمانبەر کارمەندان بە هەڵە کەمتر یان زیاتر ( لە مووچە و دەرماڵەکان )ی شایستەیان بۆ خەرج کرابێت بەپێی ئەم ڕێنماییە مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت بە مەبەستی ڕوونەدانی کێشە و گرفتی کارگێری و یاسایی ودارایی لە داهاتوودا بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:-**

**یەکەم: مووچە و دەرماڵەی شایستەی خەرج نەکراو :**

**١- ئەو فەرمانبەرانەی کە شایستە داراییەکانی هەردوو ساڵی دارایی (٢٠١٦و٢٠١٧) یان بۆ خەرج نەکراوە بەهەر هۆیەك بێت لە ( مووچە و دەرماڵە کان ) بەهۆی دواکەوتنی فەرمانەکانیان یان ڕەچاونەکردنیان سەرجەم ئەم جیاوازییانە بە لیستی جیا و لە کاتی دابەش کردنی مووچەی مانگانە خەرج بکرێتەوە بەپێی هەمان ڕێژەی پاشەکەوتی پێشتر لە سەر مووچەی فەرمانبەرانی پەیرەو کرابوو.**

**٢- بۆ ئەو جیاوازییانەی کە لە دوای ڕێکەوتی (١/١ / ٢٠١٨)ـەوە لە مووچەو دەرماڵەکانی فەرمانبەر ڕوو دەدەن بەپێی سێستەمی پاشەکەوتی هەموارکراوی مووچە خەرج بکرێتەوە لەگەڵ مووچەی مانگانەیان.**

**دووەم: مووچە و دەرماڵەی زیادە خەرج کراو :-**

**ئەو فەرمانبەرنەی کە بە هەڵە مووچە و دەرماڵەی زیادە یان بۆ خەرج کراوە ، بڕی زیادە خەرج کراوەکە بە ڕێژەی (١٠٠٪) لە پاشەکەوتی مانگانەیان وەربگیرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە : -**

**١- بۆ فەرمانگە و دام دەزگا مەڵبەندییەکان :-**

**بڕی زیادە خەرج کراوەکە لە ڕێژەی پاشەکەوت دادەشکێنرێت و یاداشتنامەی (٦٥ /أ) یەکلابکرێتەوە (تسویە)**

**٢- بۆ فەرمانگەو دام و دەزگا نامەڵبەندییەکان:-**

**أ- ئەگەر زیادە خەرج کراوەکە بۆ ساڵانی دارایی٢٠١٦ و٢٠١٧بگەڕێتەوە قەیدی ژمێریاری بەم شێوەیە دەبێت.**

*** من ح/ رواتب مستحقة غير مدفوعة.**

*** الى ح/ جاري مالية وسيط.**

ب- ئەگەر زیادە خەرج کراوە کە بۆ ساڵی دارایی /٢٠١٨ بێت قەیدی ژمێریاری بەم شێوەیە دەبێت .

*من ح /رواتب مستحقة غير مدفوعة .

* الى ح/ مصروفات (حسب فصل والمادة).

٣- پێویستە سەرجەم فەرمانگە نامەڵبەندییەکان تۆماری مووچە (محاسبە/٨) بەکاربهێنن.

**سێیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/١ ــە وە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤٣٢٨ لە ٢٠١٨ /٥/٢**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨.
## مۆڵەتی بێ مووچە

ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٨ پێتان ڕادەگەیەنین کەوا ئەم ڕێنماییە هەمواری خاڵی (سێیەم)ی ڕێنماییمان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٥یە نەوەکو خاڵی (چوارەم) کە بە هەڵە نوسراوە.

**ڕێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤٨٩٧ لە ٢٠١٨/٥/١٥**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٨.**

**مۆڵەتی خوێندن**

**پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١٠٨٩) لە ٢٠١٨/٣/٦ و ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (٢٤٨) لە ٢٠١٨/٢/١٩ کە تایبەتە بەو فەرمانبەرانەی کە پێشتر لەسەر ئەرکی خۆیان چوونەتە دەرەوەی وڵات بەمەبەستی بەدەست هێنانی بڕوانامەی باڵا(ماستەر و دکتۆرا) بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن و بەشێوەی وەرگرتنی مۆڵەتی کۆکراوە یاخود مۆڵەتی بێ مووچە درێژەیان بە خوێندن داوە.**

**١- فەرمانبەرەکە پێش دەستکردن بە خوێندن لاری نەبوونی فەرمانگەکەی خۆی وەرگرتبێت بەمەبەستی خوێندن .**

**٢- لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەت و پێش دەست پێکردنی خوێندن سەرجەم مەرجەکانی هاتووە لە ماددەی (٥٠) ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠هەبوو بێت.**

**٣- ئەژمارکردنی مۆڵەتەکانیان بە (مۆڵەتی خوێندن) تەنها بۆ مەبەستی یەکسانکردنی بڕوانامەکانیان دەبێت ،واتە:-**

**أ- هەموو دەرئەنجامەکانی ئەو مۆڵەتەی پێشتر وەریگرتووە (ئاسایی یان بێ مووچە) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.**

**ب- نابێ هیچ پابەندبوونێکی دارایی بکەوێتە ئەستۆی حکومەت**

**٤- ئەم ڕێنماییە لەرێکەوتی ٢٠١٨/٣/٦ەوە کاری پێدەکرێت ولە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.**

**ڕێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٥٠٧٠ لە ٢١/٥/ ٢٠١٨**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی ٢٠١٨.
## ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی

ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣٥) لە ٢٠/١١/٢٠١٧ کە بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە(٨٧٧) لە ٢٦/١١/٢٠١٧ گشتاندنی پێ کراوە پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە(١٢٠) لە ڕۆژی ٢٠/١١/٢٠١٧ بڕیاردرابە:-

١- وەکو قۆناغی یەکەم جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە لەسەر بەرهەمە هاوردەکان ، توتن وجگەرە و بەرهەمە لێوەرگیراوەکانیان (المشتقات) .

٢- وەرگرتنی ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی بەرێژەی (٥٪) لەسەدا پێنج دەبێت لەسەر گشت بابەتەکانی توتن و جگەرە و بەرهەمە لێوەرگیراوەکانیان ( المشتقات ) کە لە خشتەی ژمارە (١)ی بڕیارەکە ئاماژەیان پێکردووە و وێنەیەکی هاوپێچە و پێك دێت لە (١١) بڕگە کە بە (جگەرە دەست پێ دەکات و بە تووتنی خاوی چانەککراو کۆتایی دێت ) و ئەم کاڵایانە لە کاتی هاوردەکردنیاندا بە گوێرەی پۆلینی هاتوو لە پێناسەی گومرگی و ڕێنماییە گومرگییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکرێن.

٣- لە کاتی هاوردەکردنی ئەو بابەت و کاڵایانەی لەم بڕیارە کە ئاماژەیان پێکراوە ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی وەردەگیرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگ و نرخی بابەت و کاڵاکانیش و کاتی هاوردەکردنیاندا دەبێتە بناغەی وەرگرتنی ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی.

٤- ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی شیاو دەبێت لە کاتی تۆمارکردنی وەك کاڵایەکی بەکاربردن واتە لەگەڵ شایستە بوونی رسووماتی گومرگی و ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی دەچێتە ژێر باری هەموو یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکانەوە کاریان پێ دەکرێت .

٥- وەرگرتنی ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگییەوە دەبێت و داهاتەکەی لەژمێرەی گەنجینە دا دادەنرێت .

٦- تۆمارکردنی داهاتەکانی بەدەست هاتووی سەرەوە لە بڕگەیەکی سەربەخۆ بە ناوی (داهاتەکانی ڕەسمی هاوردەکردن) دەبێت و تەواوی ئەم داهاتە خەرج دەکرێت بۆ مەبەستەکانی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان و نێرگەلە لە پێناو پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان .

٧- ژمێرەیەك دەكرێتەوە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە و سەرجەم داهاتی ئاماژە پێكراو لە بەڕێوەبەرایەتی دەروازە سنوورییە نێو دەوڵەتیەكان دەخرێتە سەر ئەم ژمێرەیە و تەنها وەزیری تەندروستی دەسەڵاتدارە بەخەرج كردن و جوڵانەوەی ئەم ژمێرەیە و لە ڕێی لیژنەكانی تایبەتمەندە و بەپێی ڕێنماییە داراییەكان

٨- ئەم ڕێنماییە لە دوای (٤٥) چل و پێنج ڕۆژ لە دەرچوونی كاری پێدەكرێت و لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی كوردستان ) بڵاودەكرێتەوە .

**ڕێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**خشتەی ژمارە (١)**
**ئەو بابەت و كاڵایانەی كە (ڕەسمی بەكارهێنانی ناوخۆیی) دەیانگرێتەوە**
**بە گوێرەی پێناسەی گومرگی**

| ز | کاڵا | بەش | ناونیشانی گومرگی | یەکە | ڕێژەی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) (%) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جگەرە | ١٥ | ١ | کارتۆن | %٥ |
| ٢ | جگەرەی بیانی | ١٥ | ١ | کارتۆن | %٥ |
| ٣ | جگەرەی لەف (Rolling paper) | ١٥ | ٨ | کگم | %٥ |
| ٤ | تووتنی بۆنداری نێرگەلە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٥ | تووتنی نێرگەلە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٦ | تووتنی پایپ | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٧ | تووتنی چاککراوە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٨ | بەرهەمەکانی تری تووتن | ١٥ | ٢٢ | کگم | %٥ |
| ٩ | چروت (Cigar) | ١٥ | ٢٦ | کگم | %٥ |
| ١٠ | جگەرەی ئەلکترۆنی | ١٥ | ٢٨ | سێت | %٥ |
| ١١ | تووتنی خاوی چانەککراوە | ١٧ | ١٦ | کگم | %٥ |

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ١٩٥٠ لە ٢٠١٨/٤/٢٦**

## بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی پێنجەم برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارمان دا بە :-

- درێژکردنەوەی بڕیاری(٦١١) تایبەت بەراست کردنەوەی هەڵەکانی تەسویە بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ.
- لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**رێباز محمد حملان**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە وەکالەت**

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

## بەیانی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٨

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی چارە ) لە قەزای سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٨/٣/٦.

## بەیانی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٨

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی ) لە فەرماندەیی گشتی هێزەکانی/٧٠ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٨/٣/٦.

## بەیانی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٨

- کردنەوەی ( نەخۆشخانەی فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی ) لە ناو بارەگای گشتی فەرماندەی زێرەڤانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٨/٣/٦.

## بەیانی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٨

- داخستنی ( بنگەهێ ساخلەمی بەردەرەش یی ئاوارا ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٨/٣/٦.

د. ڕێکەوت حمە رشید کریم
وەزیــری تەندروستی

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

## بەیانی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٨

- **کردنەوەی ( سەنتەری پزیشکی بلسم ) بۆ جوانکاری لە شاری هەولێر بە مەرجێك و پابەندبن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٦.**

## بەیانی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٨

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی ئیماراتی ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٦.**

## بەیانی ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١٨

- **کردنەوەی ( کلینیکی چارەسەرکردنی نەزۆکی )لە نەخۆشخانەی ئازادی فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٦.**

## بەیانی ژمارە ( ١٠ )ی ساڵی ٢٠١٨

- **کردنەوەی ( مەڵبەندی تەندروستی ئیشکگر ) لە شارۆچکەی عەربەت سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٦.**

**د. ڕێکەوت حمه رشید کریم**
**وەزیــری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٨**

- **کردنەوەی ( نەخۆشخانەی زانکۆ )لە شاری هەولێر بە مەرجێك و پابەندبن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٨/٣/٦.**

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨**

- **کردنەوەی ( بنکەی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لەجۆری ( B ) سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٣.**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٨**

- **داخستنی ( بنکەی چاودێری تەندروستی سەرەتایی کەمپی قەیاوە) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٣.**

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٨**

- **یەکگرتنی هەر سێ ( مەڵبەندی تەندروستی گرتووخانەی گەوران ) و (مەڵبەندی تەندروستی گرتن و گواستنەوە) و (مەڵبەندی تەندروستی چاکسازی ژنان و منالاّن) لە ژێر ناوی (مەڵبەندی تەندروستی گرتووخانەی گەوران )سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٨/٤/٢٤.**

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( ١٦ )ی ساڵی ٢٠١٨**

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی قەیوان ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/٧.**

**بەیانی ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ٢٠١٨**

- **کردنەوەی ( سەنتەری ئەفرۆدیت ) بۆ جوانکاری لە شاری هەولێر بە مەرجێك و پاندبن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/٧.**

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وزارة البلديات و السياحة**
**رقم : ( ٣٥٣٥ ) في ٢٠١٨/٥/٢٧**

استناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب احكام الفقرة (ثالثا) من المادة السابعة من قانون وزارة البلديات والسياحة رقم (١٢) لسنة ٢٠١٠ اصدرنا التعليمات الآتية:

**تعليمات رقم ( ١ ) لسنة ٢٠١٨**
**التعليمات الخاصة بنصب و قراءة مقياس ماء الشرب في اقليم كوردستان**

**المادة الاولى : التعاريف**

يقصد بالمصطلحات و التعابير الآتية – لاغراض هذه التعليمات – المعاني المبينة ازاء كل واحد منها :

**أولاً:** مديرية الـماء: مديرية الـماء المختصة

**ثانياً:** المشترك: مشترك الـماء

**ثالثاً:** المقياس: مقياس الـماء

**رابعاً:** الدورة: دورة قراءة المقياس و تكون كل شهرين .

**خامساً:** المواصفات الفنية للمقياس: المواصفات الفنية لمقياس الـماء المصادق عليها من قبل المديرية العامة للماء والمجاري .

**سادساً:** الوصل : هو مستند استحصال اجور الـمياه من المشترك و المعتمد من قبل وزارة المالية و الاقتصاد في إقليم كوردستان - العراق .

**المادة الثانية :**

**أولاً:** يلتزم كل مشترك بربط مقياس للماء مصادق عليه من قبل مديرية الـماء.

**ثانياً:** تتولى مديرية الـماء المختصة بتعويض المشترك بمبلغ مقطوع قدره (٤٠,٠٠٠) اربعون الف دينار عن شراء و ربط كل مقياس، و ذلك عن طريق خصم مبلغ (٢,٠٠٠) الفي دينار من اجور الـماء المترتبة على المشترك عن كل دورة.

**ثالثاً:** يكون المقياس ملكاً لمديرية الـماء و على المشترك حمايته و المحافظة عليه .

**المادة الثالثة:**

يجوز للمشترك تقديم طلب الى مديرية الـماء الاجراء فحص المقياس على نفقته وفق مايلي:

**أولاً:** تؤخذ كلفة فحص المقياس البالغة (٥,٠٠٠) خمسة الاف دينار من المشترك بموجب وصل.

**ثانياً:** يتحمل المشترك تكاليف فصل و تصليح المقياس على ان يتم اعادة ربط المقياس بإشراف مديرية الماء.

**المادة الرابعة:**

**أولاً:** اذا وجد خلل في قراءة المقياس بموجب المواصفات الفنية للمقياس يجب تصليح المقياس أو تبديله على ان يتحمل المشترك تكاليف ذلك.

**ثانياً: على مديرية الـماء تقدير الاجور في الحالة المشار اليها في الفقرة (١) من هذه المادة على اساس معدل قراءة اجور دورتين سابقتين و تنظيم وصل بهذه الاجور المقدرة.**

**المادة الخامسة :**

**يتم تصليح المقياس حصراً في موقع التصليح الخاص بمديرية الماء أو في الموقع الذي تحدده مديرية الماء.**

**المادة السادسة :**

**على المشترك تسديد ديونه قبل تاريخ قراءة المقياس الى مديرية الماء وبعكسه يضاف المبلغ كديون سابقة الى وصل أجور الماء.**

**المادةالسابعة :**

**تحتسب اجور الماء عن الفترة الواقعة بين تاريخ الحصول على الموافقات الاصولية للبناء او لاقامة الموقع و تاريخ ربط المقياس على اساس التسعيرة المحددة في تعليمات مجلس الوزراء رقم (٩٣٨٩) في ٢٠١٢/٨/١٥ و تضاف هذه الاجور الى وصل اجور الماء كديون سابقة .**

**المادة الثامنة :**

**تحتسب الاجور على أساس القراءة الأولى للمقياس.**

**المادة التاسعة :**

**في حالة قيام المشترك بربط مقياس غير المقياس المصادق عليه من قبل مديرية الماء أو عدم استعداده لربط المقياس في المدة المحددة تقوم مديرية الماء بإنذاره بربط أحد المقاييس المصادق عليها ، خلال دورة واحدة و بعكسه تقوم مديرية الماء بإحتساب اجور الماء عليه وفق الجدول ادناه:**

| العدد | نوع المشترك | من شهر الى ثلاثةأشهر دينار/شهر | بعد ثلاثة أشهر دينار/شهر |
|---|---|---|---|
| أولا | المناطق السكنية والمشاريع السكنية الاستثمارية | ١٠٠،٠٠٠ | ٢٠٠،٠٠٠ |
| ثانيا | دور العبادة | ١٠٠،٠٠٠ | ٢٠٠،٠٠٠ |
| ثالثا | المؤسسات الحكومية | ١٥٠،٠٠٠ | ٣٠٠،٠٠٠ |
| رابعا | القطاعات شبه الحكومية غير الاستثمارية | ١٧٥،٠٠٠ | ٣٥٠،٠٠٠ |
| خامسا | القطاع التجارى والصناعي والسياحي والاستثماري | ٢٠٠،٠٠٠ | ٤٠٠،٠٠٠ |
| سادسا | محلات الغسل بانواعها | ٢٥٠٠،٠٠٠ | ٤٥٠،٠٠٠ |

**المادة العاشرة:**

**أولاً: يتم احتساب اجور الماء حسب الكمية المستخدمة في التسلسل (اولاً) من الجدول ادناه بالسعر المحدد ازاء كل فئة .**

**ثانياً: يتم احتساب و استيفاء أجور الماء بالمتر المكعب حسب الجدول ادناه:-**

| التسلسل | نوع المشترك | الفئة | الاستخدام الشهري محسوبا بالمتر المكعب | الأجور بالدينار لكل(١م٣) واحد متر مكعب(رقما) | الأجور بالدينار لكل (١م٣) واحد متر مكعب(كتابة) |
|---|---|---|---|---|---|
| أولا | المناطق السكنية والمشاريع السكنية الاستثمارية | أ. | من ٠ الى ٥ | ٥٠ | خمسون دينار |
| | | ب. | من ٥،٠١ الى ١٥ | ١٥٠ | مئة والخمسون دينار |
| | | ج. | من ١٥،٠١ الى٣٠ | ٤٠٠ | أربعمائة دينار |
| | | د. | من ٣٠،٠١ الى٦٠ | ٦٠٠ | ستمائة دينار |
| | | ه. | من ٦٠ فما فوق | ٢،٠٠٠ | ألفين دينار |
| ثانيا | دور العبادة | | ١ | ٥٠٠ | خمسمائة دينار |
| ثالثا | المؤسسات الحكومية | | ١ | ٥٠٠ | خمسمائة دينار |
| رابعا | القطاعات شبه الحكومية غير الاستثمارية | | ١ | ٧٥٠ | سبعمائة وخمسون دينار |
| خامسا | القطاع التجارى والصناعي والسياحي والاستثماري | | ١ | ١،٠٠٠ | ألف دينار |
| سادسا | محلات الغسل بانواعها | | ١ | ٢،٠٠٠ | الفي دينار |

**المادة الحادية عشرة:**

**تنفذ هذه التعليمات من تاريخ نشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**نوروز مولود محمدامين**
**وزيرة البلديات و السياحة**

**وزارة البلديات و السياحة**
**رقم : ( ٣٥٣٤ ) في ٢٠١٨/٥/٢٧**

استناداً الى المادة (١٨) من قانون منع وازالة التجاوز على اراضي الدولة رقم (٣) لسنة ٢٠١٨ ولغرض تسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون و تحديد دور و واجبات اللجان و مسؤولية المؤسسات التي تقوم برصد التجاوزات و ازالتها فقد اصدرنا التعليمات الآتية :

**تعليمات رقم ( ٢ ) لسنة ٢٠١٨**
**الخاصة بتنفيذ قانون منع وازالة التجاوز على اراضي الدولة في إقليم كوردستان – العراق**
**رقم ( ٣ ) لسنة ٢٠١٨**

**المادة الأولى : التعاريف**

يقصد بالمصطلحات و التعابير الآتية – لاغراض هذه التعليمات – المعاني المبينة ازاء كل واحدة منها :

**أولاً:** الجهات المختصة : وزارة الزراعة والمصادر المائية ، وزارة الداخلية ، وزارة العدل ، وزارة الأوقاف والشؤون الدينية ، وزارة المالية والاقتصاد وأية وزارة أو هيئة أو أية دائرة حكومية وقع التجاوز على املاكها ٠

**ثانياً:** الدائرة المعنية : الدائرة الحكومية المرتبطة باحدى الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة و التي وقع التجاوز على املاكها٠

**ثالثاً:** القانون : قانون منع و ازالة التجاوز على اراضي الدولة رقم (٣) لسنة ٢٠١٨.

**رابعا:** المراقب : المنسب المؤقت والدائم للبلدية الذي ييقوم بمراقبة التجاوزات وكذلك مراقبوا الدوائر المعنية الاخرى التي وقع التجاوز على املاكها ويتم تحديدهم بامر صادر من دوائرهم ٠

**المادة الثانية :**

**أولاً:** يتم اتخاذ الأجراءات التالية لغرض مراقبة ومنع وازالة التجاوز :

١- في كل وحدة ادارية على رئيس الوحدة الادارية تشكيل لجنة للمناطق داخل التصميم الأساسي للبلدية وخارجها ، و يتم تحديد عدد اللجان حسب حاجة المناطق ٠

٢- يرأس كل لجنة مهندس مدني أو مهندس زراعي و عند الحاجة يمكن تحديد موظف ذي خبرة لرئاسة اللجنة ٠

٣- يجب أن يتكون اعضاء اللجنة من المساحين والقانونيين والمراقبين بحيث يكون عدد المراقبين في اللجان مناسباً مع مساحة المنطقة التي يتم مراقبتها ٠

٤- المراقبون مخولون بانذار المتجاوز بعد ثبوت التجاوز بقرار من اللجنة المختصة بموجب الفقرتين الأولى و الثانية من المادة (٥) من القانون ٠

٥- يقوم رئيس اللجنة بتبليغ رئيس البلدية أو رئيس الدائرة المعنية التي تملك الأراضي المتجاوز عليها، ويقوم الـموما اليهم بتبليغ رئيس الوحدة الادارية بالتجاوز في نفس اليوم بكتاب رسمي و اعطاء صورة منه الى الادعاء العام .

٦- على رئيس الوحدة الادارية اصدار أمر بازالة التجاوز خلال مدة (٤٨) ساعة من تأريخ انتهاء مهلة الانذار المنصوص عليها في المادة من القانون و بالتنسيق مع البلدية والدائرة المعنية مع توفير الحماية للجان اذا لم يقم المتجاوز بازالة تجاوزه بموجب الفقرتين الأولى و الثانية من المادة (٥) من القانون ٠

**ثانياً:** في داخل حدود التصاميم الأساسية للمدن والقصبات تلتزم البلدية بمراقبة التجاوزات على الأراضي والأملاك العائدة للدولة عن طريق مراقبـي البلدية الذين هم اعضاء في اللجان ٠

**ثالثاً:** في خارج حدود التصاميم الأساسية للمدن و القصبات تلتزم الجهات المعنية و بالأخص وزارة الزراعة والمصادر المائية بمراقبة التجاوزات على الأراضي و الاملاك العائدة للدولة عن طريق المراقب الذي يتم تحديده بصورة رسمية من موظفي الدوائر التابعة للوزارة أو المراقب المؤقت ٠

**المادة الثالثة :**

تنفذ قوي الأمن الداخلي أوامر رئيس الوحدة الادارية و عند الحاجة تتعاون معهم جميع القوي الرسمية لازالة التجاوز و في حالة معارضة أي شخص بأي شكل كان للموظفين المسؤولين عن تنفيذ واجباتهم لمنع و ازالة التجاوز تتخذالاجراءات القانونية بحقهم وفق المادتين ( ٢٢٩و ٢٣٠ ) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل ٠

**المادة الرابعة :**

**أولاً:** يقوم رئيس البلدية المختصة بتوفير مستلزمات المراقبة ومنع وازالة التجاوزات من مواد و أدوات وآليات اذا كان التجاوز داخل حدود البلدية ٠

**ثانياً:** اذا كان التجاوز خارج حدود البلدية ، يستوجب على رئيس الوحدة الادارية التنسيق مع أقرب بلدية والدائرة المعنية ، وله اصدار أمر باستخدام اية آلية عائدة للدوائر الحكومية الاخري في المنطقةلتنفيذ واجباته و عند الحاجة يمكن لرئيس الوحدة الادارية استئجار الأليات استثناءا من التعليمات لمدة لا تزيد عن (٤٨) ساعة قابلة للتمديد لمدة مماثلة لتنفيذ واجبات اللجان المنصوص عليها في القانون من واردات البلدية ٠

**المادة الخامسة :**

لا يجوز ايصال خدمات الماء و المجاري و الكهرباء و الطرق و الشوارع و الانترنت أو أية خدمات أخرى لمصلحة المتجاوز الى الاراضي المتجاوز عليها و بعكسه تطبق احكام المادة (١٣) من القانون بحق المخالف ٠

**المادة السادسة :**

**أولاً:** يتم مصادرة الأدوات والآليات المستخدمة في ارتكاب التجاوز أو تسهيل ارتكابه.

**ثانياً:** تتخذ الاجراءات العقابية بحق المتجاوز و كل سائق و مالك للسيارات و الآليات والأدوات المستخدمة في التجاوز باعتباره مساهماً في التجاوز ٠

**المادة السابعة :**

يستوجب اعطاء صفة الاستعجال الى جميع المخاطبات المتعلقة بالتجاوز على الأراضي العائدة للدولة واعطاء صورة منها الى الادعاء العام و رئيس الوحدة الادارية ٠

**المادة الثامنة :**

على المتجاوز بخصوص التجاوزات الواقعة قبل نفاذ القانون و خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوما من تاريخ نفاذ هذا القانون القيام بما يأتي :

**أولاً:** اشعار البلدية المعنية بمكان ونوع ومساحة ومشتملات التجاوز اذا كان داخل حدود البلديات ٠

**ثانياً:** اشعار رئيس الوحدة الادارية بمكان و نوع ومساحة ومشتملات التجاوز اذا كان خارج حدود البلديات٠

**ثالثاً:** على رئيس البلدية و رئيس الوحدة الادارية تسجيل هذه المعلومات والاخبارات التي وصلت اليهم بموجب الفقرتين أولاً و ثانياً من هذه المادة في السجل الرسمي لقسم التجاوزات و تشكيل اللجان اللازمة من الجهات المعنية لتثبيت نوع و شكل و مساحة و مشتملات التجاوز في محاضر خاصة ٠

**رابعاً:** تنفذ احكام القانون على التجاوزات التي لم يحصل فيها اشعار البلدية والوحدة الادارية بموجب الفقرتين اولاً و ثانياً من هذه المادة وكذلك تنفذ على التجاوزات الواردة في الفقرة ثانياً من المادة (٤) من القانون .

**المادة التاسعة :**

كل تجاوز واقع على الشوارع والساحات والمساحات الخضراء والحدائق وأراضي الخدمات والأرصفة يستوجب اتخاذ الاجراءات اللازمة لازالتها فوراً بموجب المادة (٥) من القانون ٠

**المادة العاشرة :**

تشكل محكمة في مركز كل محافظة و يتم تعيين قاض في الاقضية والنواحي بموافقة مجلس القضاء في الاقليم للنظر في التجاوزات و تعد القضايا المتعلقة بالتجاوز قضايا مستعجلة ٠

**المادة الحادية عشرة:**

لا يعمل بأية تعليمات تخالف احكام هذه التعليمات ٠

**المادة الثانية عشرة :**

تنفذ هذه التعليمات من تأريخ نشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) ٠

**نوروز مولود محمد امين**
**وزيرة البلديات والسياحة**